بەغدا و مسکۆ تاوتوێی هاوکاری ستراتیژی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکەن

ئەمڕۆ سەرهەمە، قاسم ئەعرەجی، هاوڕکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرگی شۆیگۆ، ئەمینداری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ڕووسیا، دووپاتی کردەوە کە حکومەتی عێراق جدی و سوورە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئاسایشی، ئابووری، ستراتیژی و وەبەرهێنانییەکان لە نێوان عێراق و ڕووسیادا.

لە ڕاگەیەندراوەکدا لە نووسینگەی هاوڕکاری ئاسایشی نیشتمانییەوە هاوکراوەتەوە و دەستی موتەبع کۆتووە، هاتووە کە "قاسم ئەعرەجی، پێشوازی لە سەرگی شۆیگۆ و شاندە یاوەرەکەی کرد، بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ڕووسیا لە بەغدا".

ئەعرەجی پێشوازی لە "شاندە میوانەکە کرد و ستایشی سەردانەکەی بە عێراق کرد" و ئاماژەی بۆدا کە "حکومەتی عێراق بەرەو کرانەوەیەکی فراوان دەڕوات بە هاوکاری لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی جیهان، لەپێناو بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا".

لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆشدا کە "لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی بەهێزکردنی پەیوەندییە

دوولایەنەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست و هاوپەیمانی بەردەوامیدان بە هاوکارییەکان لە سەرجەم ئاستەکاندا کرا".

ئاوەشی خستەڕوو کە "ئەم سەردانە، لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانە بۆ کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی نێوان محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لەگەڵ فلادیمیر پوتین، سەرۆکی هووسیا، لە پێراوێزی لووتکەی عەرەبی کە لە مەسکە بەڕێوەدەچێت و محەمەد شیاع سودانی سەرۆکایەتی دەکات".

هاوونی کردەوە کە "هەردوو لا چەندین دیدار و پرسی گرنگی هاوبەشیان تاوتوێ کرد، لەوانە ئاوگەڵی ئەزموون و زانیاری و گواستنەوەی تەکنەلۆجیا و هاهەنان لە بوارەکانی ئاسایشی سنوور، ئاسایشی سایبەری، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، و مادەی هۆشبەرەکان".

هەروەها ئەوەیش هاتووە: "لەکۆبوونەوەکەدا باس لە نوێترین پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و هەوڵەکانی حکومەتی هەردوو وڵات کرا بۆ هاگرتنی ململانێکان لە کەرتی غەزە و پەرەپێدانی چارەسەری دیپلۆماسی بۆ کێشەیەنان بۆ نەهامەتییەکانی گەلی فەلەستین".

ئەعرەجی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "حکومەتی عێراق جدی و سوورە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئاسایشی، ئابووری، ستراتیژی و وەبەرهێنانییەکانی نێوان عێراق و هووسیا".

لەلای خۆیەوە، شێخ سوپاسی ئەعرەجی کرد بۆ پشوازیی گەرمیانە، و "خواستی هاستگیانەی حکومەتی فیدرالی هووسیای دەربڕی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و زیادکردنی هاوکاریی هاوبەش لە سەرجەم بوارەکاندا ".